*Sorani*

زانیاری بۆ دایک و باوکان:

# ناردنی ڕاپۆرتی نیگەرانیی بۆ خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتیی

**Region Skåne**
291 89 Kristianstad
044-309 30 00
Skane.se

## ناردنی ڕاپۆرتی نیگەرانیی بۆ خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتیی

ئەگەر کارمەند لە نەخۆشخانە نیگەرانی ئەوە بن کە منداڵێک وەزعیی خرابە و/ یان منداڵەکە و بنەماڵەکەیی پێویستیان بە یارمەتی و پشتگیریی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتیان هەیە، کارمەندانی نەخۆشخانە ئەرکدارن کە ڕاستەخۆ ئەمە بە خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی ڕابگەیەنن بە پێی یاسایی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی بەشی 14، بەندی 1. ڕاپۆرتی نیگەرانیی بۆ خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتیی بە مەبەستی ئەوەیە کە لێبکۆڵنەوە کە ئەگەر ئەتۆ وەک دایک وە باوک پێویستان بە یارمەتی و پشتگیریە لە ڕۆڵی دایک و باوکایەتی.

ڕاپۆرتێک بۆ خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتیی هەمیشە لەبەر نیگەرانی بۆ منداڵەکەیە.

ڕاپۆرتەکە دەکرێت لەبەر ئەوە بێت کە نیگەرانی ئەوەن کە منداڵەکە ئەوەی کە پێویستیەسی وەریناگرێت، بۆ نموونە کەمبوونی ئاگالێبوون و پەرستیاریی لەبەر زەحمەتیەکانی خۆیی دایک و باوکەکە، کەموکوڕیی لە بواری خۆراک، خاوێنیی، دەرماندان و تیماری ددان، یان کە منداڵەکە دووچاری ئازاری دەروونیی یان تەنیی یان دەستدرێژیکردنی سێکسیی.

هەرچەن ئەگەر ڕاپۆرتێک کراوە منداڵەکەی ئەتۆ و ئەتۆ مافی چاوەدێریی باش و وەڵآم دانەوەی باشتان هەیە.

لە نێو نەخۆشخانە لە ناوچەی سکۆنە ڕاوێژکاری کۆمەڵآیەتی هەیە کە دەتوانێت یارمەتیەکی باش بێت ئەگەر ئێوە دەتان ئەوێت بزانن چی ڕوودەدات لە کاتی ناردنی ڕاپۆرت بۆ خزمەتگوزاریی کۆمەڵآیەتیی. داوا لە کارمەندانی بەشەکە بکەن یان لە بەشی پێشوازیی کە یارمەتیت بدەن پێوەندی بە ڕاوێژکاری کۆمەڵآیەتی بکەیت.

ئەگەر ناردنی ڕاپۆرت بکرێت لە کاتێک منداڵەکە چاوەدێریی دەکرێت کارمەندانی چاوەدێریی بەرپرسی چارە کردنی دەرمانی و پەرستیاریی منداڵەکەن لە کاتێکدا خزمەتگوزاریی کۆمەڵآیەتیی بەرپرسی لێکۆلینەوەی خۆیەتیی. ئەگەر لێکۆلینەوەکانی دەرمانی ئەو نیگەرانیە نەسەلمێنن کە منداڵەکە پشتگوێ خراوە یان زیانی پێگەیشتووە ئەوە لە یاداشتنامەی نەخۆشخانە دەنووسنەوە و هەروەها خزمەتگوزاریی کۆمەڵآیەتیی ئاگادار دەکەن.

ئەگەر ڕاپۆرتەکە لە کاتێک دەکرێت کە ئەتۆ وەک گەورەساڵ نەخۆشی و کارمەند بینیوێتی کە ئەتۆ و منداڵەکانت پێویستان بە یارمەتیە، چاوەدێریی ئەتۆ وەک پێشوو بەردەوام دەبێت. خزمەتگوزاریی کۆمەڵآیەتیی دێت و پێوەندی بە ئەتۆ و بنەماڵەکەت دەکات بۆ یەکەم چاوپێکەوتن و دواتر بڕیار دەدەن کە ئەگەر دۆخی منداڵەکە پێویستی بە لەێکۆلینەوەیە و چ جۆرە یارمەتیەک لەوانەیە پێویست بێت. ئەتۆ و منداڵەکانت هەروەها مافی وەرگرتنی زانیاری، ڕێنمایی و پشتگیریتان هەیە لە کارمەندانی چاوەدێریی لەوێ ئەتۆ چاوەدێریت دەکەن.

## لە یاسای خزمەتگوزاریی کۆمەڵآیەتیی؛ بەشی 14 ، بەندی 1:

*ئیدارەکانی دەوڵەتی کە کاروباریان پێوەندی بە منداڵ و لاوان  هەیە و هەروەها ئیدارەکانی دیکە لە نێو چاوەدێریی تەندروستیی و نەخۆشیی و خزمەتگوزاریی کۆمەڵآیەتیی ئەرکدارن کە ڕاستەخۆ ڕاپۆرت بدەن بە کۆمیتەی کۆمەڵآیەتیی ئەگەر ئەوان لە کاروباری خۆیان بۆیان دەرکەوێت یان گومانیان لەوە هەبێت کە منداڵێک زیانی پێ ئەگات.*

## ئایا چی ڕوو دەدات لە کاتی دانی ڕاپۆرت؟

پێوەندی بە خزمەتگوزاریی کۆمەڵآیەتیی دەکەن لە ئەو ناوچەیە کە منداڵەکە دەژیت. خزمەتگوزاریی کۆمەڵآیەتیی هەمیشە هەوڵ دەدات تا ئەو مەرحەلەیە بتوانێت لەێکۆلینەوەی خۆی بە هاوکاری لەگەڵ منداڵەکە و بنەماڵەکە بکات. لە کاتێک ڕاپۆرتێک هاتووە بۆ خزمەتگوزاریی کۆمەڵآیەتیی زۆربەی کات منداڵەکە و سەرپەرشتی منداڵەکە بانگ دەکرێن بۆ چاوپێکەوتنێک. لەو چاوپێکەوتنە بڕیار دەدرێت کە ئەگەر خزمەتگوزاریی کۆمەڵآیەتیی لێبکۆڵێتەوە کە منداڵەکە وەزعی چۆنە یان چۆن نیە. جاروبار ئەو کەسەی ڕاپۆرتەکەی داوە بەشداری دەکات لە چاوپێکەوتنەکە.

ئەگەر منداڵەکە یان سەرپەرشتی منداڵەکە لە نەخۆشخانە خەواندوویانە جاروبار مەسوولی خزمەتگوزاریی کۆمەڵآیەتیی دێت بۆ ئەو بەشەی نەخۆشخانە بۆ پێوەندی بە ئەتۆ وەک سەرپەرشتی منداڵەکە و بۆ ئەوەی زانیاری وەرگرێت لە لایەن پزیشک و کارمەندان.

ئەگەر خزمەتگوزاریی کۆمەڵآیەتیی لێکۆلینەوەیەک دەست پێ بکات زۆربەی کات پێوەندی بە کەسانی دیکە دەکەن، بۆ نموونە ناوەندی تەندروستی منداڵ، باخچەی منداڵإن و خوێندنگا، بۆ وەرگرتنی وێنەیەکی تەواو.

لە کاتی پێویست خزمەتگوزاریی کۆمەڵآیەتیی ئیدارەکانی تێکەڵآو بەشداری دەکات بۆ چاوپێکەوتنی ڕاوێژکاریی.

لێکۆلینەوەیەک تا ئەوپەڕی چوار مانگی پێ دەچێت. لە لێکۆلینەوەکە بە ئەو ئەنجام دەگەن کە منداڵەکە  و بنەماڵەکەی لەوانەیە چ جۆرە یارمەتیەک و پشتشگریەکیان پێویستە و/ یان ئەگەر منداڵەکە پێویستی بە پاراستنە. ئەنجامی لێکۆلینەوەکە بۆ نەخۆشخانە باس دەکرێت ئەگەر سەرپەرشتی منداڵەکە ئیزنی ئەوە بدات.